# تاوێ دەستی خەیاڵ بەردە



**چنور نامیق**

ڕۆحم شەوی غوربەت بردی‌و
نەیدامەوە
لە نامۆیی گەڕێ جارێ
با لێوی خەیاڵ تەڕکەین‌و
دڵی ئەم شەوە سەرقاڵە بدەینەوە
تەنیایی غەرقی تۆم ئەکا
ملوانکەیەک لە دەریادا
چۆن  ون نابێ!
لێگەڕێ با داڵغەی خەیاڵ لێوم ڕەنگ کاو
شەوی دەیجوور بێتە داوام
ڕۆحم سوحبەتی یارانی ون کردووە
با شەویش خەبەردار بکەین
لەم درامای بێدەنگییە
لە نامۆیی گەڕێ
با دەستی خەیاڵ بەردەین‌و
هەر کەسەو لە ژووانی خۆی سەری مەست کا
هێشتا مۆمی کزی بوونم بەدەستە لەرزۆکەکانم هەڵگرتووە
گوڵی سپی لە دڵتەنگی شەو ئەخوازم
پایز بوو لەگەڵ بادا چووم
پاشماوەی شیعرێکی ڕاڕا بەلێومەوە بوو
چاوەکانم پەلەیان دا

تارای سپیم لە ڕووی وێڵی مانگ کردەوە
تەنها شەوقی خەمی شیرین
سوراوی لێوەکانم بوو
لە نامۆیی گەڕێ هاوڕێ
لەوەتەی هەم، پرشی زەمەن
لە ڕۆحما کۆئەکەمەوە
ئێواران چاوانم ئەبا
کە هەر نەیەی
چۆن تەماشام لەگەڵ ڕەوتی خۆرئاوادا
ئاودیو نەبێ
بەجێما حەسرەتەکانم لای تۆ
جێما
دەستم بەردە
هەر کەو بەرەو ژوانی خۆی
ماڵ ئاوا کا
هەر کەو بەدرودی گوڵێک
لێوی تەڕکا
هەر کەو لە فرمێسکە بەهەدەرچۆکانیەوە
تامی سوێری فیراق بکا
لەم غوربەتە گەڕێ جارێ
خۆ عومرێکە ئێمە نامۆین
بۆنی بێ مەیلی ئەمکوژێ
ساردی تەماشای ڕژاوت
شێتم ئەکا
هەموو شتێک وەکو زستانی گریانم
زوو ئەبارێ
با شەویش خەبەردار بکەین
لەم درامای نامۆییە
* * *
لەرینەوەی گەڵاکانی زەمەن
مەستم ئەکا
لێبونەوەی ناوەختانی گوڵێک
دوعای مەرگی من ئەخوێنێ
ڕامان بەدیار کەوتنی گەڵاکانەوە
زووتر لەکات ئەمومرێنێ
دەستم بەردە

ئا ئەمەیە هەڕەتی غوربەتی منو
مەرگی بێ ڕوخسەتی یاران
دەسبەنوێژی حەرفی شیعرم
چیدی بۆنی گوڵە چنوورەکانی
پەرچەمم
لەگەڵ هەناسەتا مەبە
چیتر فێنکایی ڕوومو
ئاڵهای گەرمی ڕۆحی مەستم
بە تەماشات بەتاڵ مەکە
لە نامۆیی گەڕێ جارێ
ڕۆحم لەرزی پێ کەوتووە
با خەونی پڕ مانگەشەوو
حەسرەتی شیعرێکی بێ خاک
جێم نەهێڵێ
هێشتا هەر مۆمی کزی تەمەن ئەگێڕمو..
چیتر یەک حەرفی قەتیسی لێوت
ناخوێنمەوە
ڕۆحم پڕە لە وەسوەسەی سپی خەتاو
چاوم بێ بەش لەزەردەپەڕ
هاوڕێ تادێ دەستم بەردە
ڕۆحم لەرزی پێ کەوتووەو
چاوم زستانی لێ ئەرژێ
لەگەڵ ڕۆینی زەردەپەڕ منیش ئەچم
تاوێ بەئێزنی تۆو جاران
تەمەن لەژێر دەواری شڕی ژوانێک
بەجێ دێڵم
تا ڕێو ڕەوتی سەلارانەم
بەڕۆژەکانمان نەبەخشم نایەمەوە
لەگەڵ بادا
سەرێکی ماڵی خۆر ئەدەم
من گەرمایی ئەمخواتەوە
تۆش غەریبی بدەرە دەم
خەیاڵەوە.
٢٠٠٩/٥/٢٨